# بنەماکانی دەستوری هاوچەرخ لەسەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و کاریگەریان لەسەر دەستوری وڵاتان

## پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەنموونە

**ڕێبوار جبار شێخە[١] دارەوان عبد القادر احمد[٢]**

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی یاسا، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

دەستور بەیەکێك لەبەڵگەنامە فەرمیە گرنگەکان دادەنرێت کەچەندین بنەماو یاسا لەخۆدەگرێت و بەبنچینەی سەرجەم یاساکان دادەنرێت لەدەوڵەتدا، مەبەست لێی ڕێکخستنی ماف و کارو بنەما مرۆڤایەتییەکانە لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەك، بۆیە ئەستەمە هیچ وڵاتێکی هاوچەرخ لەبۆشایي دەستوریدا چەمك و بنەما مرۆڤایەتییەکان جێبەجێ بکات، ئەمەش گوزارشتێکی واقعیانەی یاساییانەیە کەبەندە یاساییەکان بەدرێژایي مێژوو هاوڕاو کۆك بوون لەسەری، بنەمای دەستوری هاوچەرخیش دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دەستور لەمێژوی هاوچەرخدا کە لەسەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی لەوڵاتی فەرەنسا نوسرایەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم لەسەر دەستی چەندین بیرمەندو یاساناس و فەیلەسوفی مەزن کەسەردەمێکی زۆریان لەژێر دەستەیي و چەوساندنەوەو نادادگەریي کۆمەڵایەتی بەسەربردبوو، بۆیە بەلەدایك بوونی ئەم دەستوورە بنەمای ئازادی مرۆڤ و یەکسانی ماف وەك دوو چەمکی دەستووری و یاسایي هاتە بەرهەم، هەموو ئەو چەوساندنەوانەی کەحومکڕانانی ئەوسا لەئەوروپاو بەگشتی و لەفەڕەنسا پەیڕەویان دەکرد دیارترین هۆکاری سەرهەڵدانی خودی شۆڕشی فەڕەنسی و لەدایك بوونی ئەو دەستورە هاوچەرخە بوو کەتیایدا مرۆڤەکان سەرجەم ماف و بەها کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانیان تێدا دەدۆزیەوەو دواتر بنەما گرنگەکاني ئەم دەستورە بوون بە سەرچاوەیەك بۆ دەستوري چەندین وولاتی تر و لەماوەیەکی کەمدا پەرەي سەند و لە دەستوری چەند وولاتێك جێگیرکراوتەنانەت پرۆژە دەستوري پێشووی هەرێمی کوردستانیش کاریگەر بوو بەچەندین بنەمای ئەم دەستورەو چەندین پرنسیپی گرنگی ئەم دەستورە لە پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێم ڕەنگی داوەتەوە.

**کلیلە وشە: دەستوری** فەرەنسی، پرۆژەی دەستوری هەرێم، شۆڕشی فەڕەنسا، هاوچەرخ، کوردستان

## 1. پێشەکی

شۆڕشی فەڕەنسی بەیەکێك لەڕووداوە مێژووییە گرنگ و کاریگەرەکان دادەنرێت لەمێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بەتایبەتی، بەهۆی ئەوەی ئەم شۆڕشە سەرجەم بوارو لایەنەکانی ژیانی ئەوکاتی گرتەوە، کەیەکێك لەگرنگترین لایەنەکانی بواری فکرو فەلسەفەو یاسابوو، کە ئەم شۆڕشە لەڕاستیدا بەدایکی دروستبونی یاساو دەستوری هاوچەرخ دادەنرێت. کەبۆیەکەمجار وشەی دەستور هاتە ناو شانۆی سیاسی و بووە چەکی وەستانەوە لەدژی نادادی و نا یەکسانی.

هەروەك ڕوونە داڕێژەری ئەم بنەما یاساییانەی کەئەم شۆڕشە بەرهەمی هێنا، زادەی بیری چەندین بیرمەندو یاساناس بوو لەم کاتەدا کەپێشەوایەتی فەلسەفەی ئازادییان دەکرد و بوونە بنەمایەك تا یاسا لەپێناو خزمەتکردن و هێنانەدی خەون و خولیاکانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بێت، ئەمەش دەرخەری بوونی ئەم هەموو زوڵم و ستەم و نادادییە بوو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە سەرجەم پێگەو کۆڵەگەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی بەرەو لێك ترازان و هەڵوەشانەوە بردبوو، بەشێوەیەك کە کۆمەڵگاي بەسەر دوو چین دا دەبەش کردبوو ، کەمینەیەکي دەسەلآت کەساڵانێکی زۆربوو لەژێر ناوی (دەسەڵات و پیرۆزی و ئایندا) و لە ڕێگەي زوڵم و ستەمەوە فەرمانڕەوایەتی فەڕەنسایان دەکرد و چینی زۆرینەی چەوساوە ،کە لەڕەوشێکی زۆر خراپی ئابووریدا دەژیان و سەرجەم مافەکانی ژیانیان لێ سەندرابۆوەو تەنیا وەك

دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتیی بەشی قانون، فاکەڵتیی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە لە ژێر ناونیشان: بەرەو دەستووریکی هاوچەرخ بۆ کوردستان – عێراق © ٢٠١٩
27-28 تشرين الثاني 2019
ئیمەیلی توێژەری یەکەم: rebwar.jabbar@koyauniversity.org
مافی لەبەرگگردنەوە و بڵاوکردنەوە © 2019 ناوی توێژەران: د. ڕێبوار جبار شێخە، م.ی. دارەوان عبد القادر

ئامێرێك سەیر دەکران، کە ئەمەش بووە هۆکاری سەرەکی وەستانەوەی تاکەکان دژی دەسەڵات .

گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە باس لە شێوازی دروست بوونی یەکەم دەستور لە مێژووی مرۆڤایەتی و کاریگەریەکانی بەسەر دەستوری وڵاتان دەکات و گرنگترین ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە لەم دەستورەدا جێگیر کران و بوونە بنچینەیەك بۆ دەستوری زۆرێك لە ووڵاتان ، هەروەها تیشك خستنە سەر گرنگترین ئەو برگەو بەندانەی پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان کە کاریگەربوون بە دەستوری فەرەنسی.

بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە باس لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەکات کە زادەی درووستبوونی دەستورێکن لەمێژووی هاوچەرخ کە کاریگەریەکەی تائێستاش بەسەر یاساو دەستوری وڵاتان بەتەواوەتی دیارە .

لەم ڕوانگەیەوە دەستور وەك بنەمایەکی یاسایی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداو بەماوەیەکی کەم زادەی بنەماکانی ئەم دەستورە هاوچەرخە لە فەرەنسا قۆناغ بە قۆناغ گوازرایەوە بۆ چەندین وڵات و کۆمەڵگای تر بە پێی سەردەمەکان گۆڕانکاری و بەرەوپێش چوونی بەخۆیەوە بینی، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کەهۆکاری بەپەلە گواستنەوەی بنەماکانی ئەم دەستورە هاوچەرخە چین و چۆن بەماوەیەکی کەم لەنووسینەوەی دەستوری بەشێکی زۆر لەوڵاتان سوودیان لێ بینرا، وە ئەو بنەمایانەی کەتائێستاش وەك بنچینەی نووسینەوەی دەستور لەگەڵ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگاکان و بەدیهێنەری ئازادیە تاکیەکان سوودیان لێ دەبینرێت بەپێزی زیاتری ئەم توێژینەوەیە دەردەخات.

کێشەی توێژینەوەکە:

بێگومان شۆڕشی فەرەنسی بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لەمێژووی یاسادانان دا ، کە لەدواتردا ئەم دەسکەوتە نەک تەنها بۆ گەلی فەرەنسی ، بەڵکو بوو بە سەرچاوەی گۆڕانکاری بۆ زۆرینەی دەوڵەتان بەتایبەت لەبواری دەستورو یاسادانانەدا ، کەتوانرا پرنسیپە سەرەکیەکانی ئەم دەستوورە بگوازرێتەوە بۆ بەشێکی زۆری دەوڵەتان وەک سەرچاوەیەک سوودی لێ بینرا لە دانانی دەستووردا ، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر.

لە دوو توێی توێژینەوەکەماندا هەوڵ دەدەین وەڵامی پێویست بۆ چەند پرسێك بدەینەوە ، لەگرنگترینیان:

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەر بوون بۆ دروست بوونی دەستوری فەرەنسی هاوچەرخ لە مێژووی مرۆڤایەتی چی بوون؟وە کاریگەری ئەم دەستورە بەسەر دەستوري ووڵاتانی تر چی بوو؟وە ئایا گرنگترین ئەو پرەنسیپ و بنەمایانە چي بوون لەم دەستورەدا ، کە بوون بە بنەما بۆ دەستوری ووڵاتاني تر ؟

ئایا تا چ ڕادەیەك پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان کاریگەر بووە بە دەستوري فەرەنسی؟ گرنگترین ئەو بنەماو پرەنسیپانەی ئەم دەستورە چین کە لە پرۆکەدا رەنگي داوەتەوە؟

ئایا چۆن دەستووری داهاتووی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی دەوڵەتانی تر سوود لە پرنسیپە سەرەکیەکانی دەستوری فەرەنسی وەربگرێت؟

ڕێبازی توێژینەوە

لەئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، کەمەبەست لێی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ڕووداوە مێژووییەکان و ئەو پرەنسیپ و بنەما یاسایی و دەستوریانەی کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشي فەرەنسی و کە دواتر لە دەستوری ئەم ووڵاتەدا جێگیرکرا ، دواتر بوون بەبنەمایەك بۆ دەستورە زۆرێك لە ووڵاتان.

پەیکەری توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە کەلەژێر ناونیشانی بنەماکانی دەستوری هاوچەرخ لەشۆڕشی فەرەنسی و کاریگەری لەسەر دەستوری وڵاتان و(بۆ دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی) لەدوو تەوەری سەرەکی پێك هاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتەوە سەر باسێکی مێژوویی شۆڕشی فەرەنسی و هۆکارەکانی دروست بوونی یەکەم دەستوری هاوچەرخ لەمێژووی مرۆڤایەتی و پەیڕەو کردنی لەکۆمەڵگای فەرەنسیدا، لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەدا باس لە کاریگەریەکانی دەستوری فەرەنسی لەسەر دەستوری ووڵاتان و پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان ، کە تیایدا باس لە گرنگترین ئەو بەندو پرەنسیپانە دەکرێت کە لەماوەیەکی کەمدا بوون بە سەرچاوەیەك بۆ دەستوری زۆرێك لە ووڵاتان و، بێگومان پرۆژە دەستوری پێششوی هەرێمی کوردستانیش کەم تا زۆر کاریگەر بووە بە هەندێك لەم بنەماو پرەنسیپانە ، کە لە داواکاری دووەمی ئەم تەوەرەدا ئاماژەی پێدەکەین.

**تەوەری یەکەم**

**باسێکی مێژوویی شۆڕشی فەرەنسی و هۆکارەکانی دروستبوونی دەستوری فەرەنسی هاوچەرخ لە مێژووی مرۆڤایەتی دا**

لەم تەوەرەدا تیشك دەخەینەسەر کورتە باسێکی شۆڕشی فەرەنسی و هەروەها گرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵنەربوون بۆ دروست بوونی یەکەم دەستوری هاوچەرخ لەمێژووی مرۆڤایەتی دا لەچوارچێوەی دوو داواکاریدا.

داواکاری یەکەم

کورتە باسێکی مێژوویی شۆڕشی فەرەنسی

شۆڕشی فەرەنسی یەکێك بوو لە ڕووداوە گەورە مێژوویەکان کە لەلایەن گەلی فەرەنساوە بەرپاکرا بەمەبەستی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتداریەتی خۆسەپێنانەی ئەوساو بە خاڵی وەرچەرخان بە ئازادی مرۆڤ دادەنرێت، ئەم شۆڕشە لە ساڵی ١٧٨٩ لە فەرەنسا سەری هەڵدا.

لەپێش ئەم شۆڕشەدا کۆمەڵگای فەرەنسی دابەش ببووە سەر چەندین چینی کۆمەڵایەتی کە ئەم دابەشکاریە چینایەتیە پەیوەست بوو بە دەسەڵات و ئیمتیازاتی هەر چینێکەوە، چینی یەکەم بریتی بوو لەپاشاو خانەوادەکان کەسەرچاوەی دەسەڵات و پیرۆزی و ماف و ئیمتیازاتی هەرەزۆری وڵات بوون و بەشی زۆری فەرەنسا لە ژێر خاوەنداریەتی ئەواندا بوو چینی دووەم لە پیاوانی ئاینی پێك دەهات کە ئەم چینە خاوەن هەموو مافێك بوون بێ ئەوەی هیچ ئەرکێکیان هەبێت جگە لە پشتگیری (پاشا)و پیرۆز کردنی. لە ناو ئەم چینەشدا دابەشکاری هەبوو بە شێوازێك جیاوازی هەبوو لە نێوان پیاوانی ئاینی گەورەو پیاوانی ئاینی بچووك کە ئەمەش ئەوەی دەردەخست کە بە پێی نزیکی لە (پاشا)و پایەی پیاوی ئاینی زیاتر دەبوو، وەك ئەوەی چەند لە (پاشا) نزیك بووبان زەوی زیاتریان پێدەدراو خەڵکی زۆرتر لە جوتیارو هەژاران لە ژێر دەستیان کاریان دەکرد (لوبون، ٢٠١٢: ١٣٦).

چینی سێیەم بریتی بوون لە دانیشتوانی کۆشکی پاشایەتی و سیاسەتمەداران کە ئەوانیش دابەش ببوونە سەر دوو چین ئەو سیاسەتمەدارانەی لە کۆشك دەسەڵاتداربوون خاوەن مافێکی یەکجار زۆر و دەسەڵاتێکە بەهێز بوون دەیان توانی

بە ئاسانی پێگە گرینگەکانی وڵات پڕ بکەنەوە کاریگەری زۆریان لەسەر دەسەڵات هەبوو بەشێکی تر دەسەڵاتدارانی دەرەوەی کۆشك و ناوچەکان بوون کە ئەمانە خاوەن مافێکی کەمتر بوون و زیاتر پابەندی دەسەڵاتدارانی ناو کۆشك بوون و کاریگەریان لەسەر زەوی کشتوکاڵی و باج کۆکردنەوە هەبوو، هەموو ئەو چینانە ٢% کۆمەڵگای فەڕەنسایان پێك دەهێنا (عمران، ٢٠١٦: ٣٦).

چینی چوارەم، بە چینی گشتی ناسرابوون ٩٨% پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گەلی فەڕەنسایان پێك دەهێنا، ئەو چینەش دابەش ببوونە سەر سێ بەش بەشی یەکەم بورجوازی بوون کە زیاتر خەڵکی دیار و بازرگان و خاوەن بانك و دکتۆر و خاوەن پیشەسازییەکان بوون، ئەمانە بەڕێژەی ٤% لە کۆمەڵگای فەڕەنسی بەشداربوون و کاریگەری کەمیان هەبوو لەسەر بازارو سیاسەتدا، دوای ئەم چینە چینی پرۆلیتاریا بوون کە ئەم چینە بەهۆی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو کرانەوەو کە بەچینی رووناکبیرو فەیلەسوف و خەڵکی تێگەیشتوو بوو هەلیان بۆ رەخسابوو تا برەو بە خوێندەواری بدەن، چینی خوارەوە کە زۆرینەی خەڵکی فەڕەنسایان پێك دەهێنا چینی کرێکاران و جوتیاران بوون کە بە چینی ژێری ژێرەوەی کۆمەڵگای فەڕەنسی دادەنران و بەردەوام زوڵم و ستەمیان لێدەکرا دەچەوسێنرانەوەو باجی زیاتریان دەخرایە سەر سەرو تەنانەت تا ڕادەی کولە مەرگی و بێ بوونی هیچ مافێك و ئیمتیازاتێك و کاری بەزۆرە ملێیان پێدەکرا ڕووبەڕووی سوکایەتی زۆر دەبوونەوە مافی بەشداریکردنیان نەبوو لە هیچ پێگەو پایەکی دەوڵەتدا، درووستبونی ئەو چینایەتیەو نادادی لە دابەشکاریان سەرچاوەی سەرەکی بوو لە دروستبوونی شۆڕش و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لەو ستەمە گەورەیە(نوار، ١٩٩٧، ١٨٠).

بەم شێوەیە لەکۆتاییدا بەهۆکاری کەڵەکەبوونی کێشەی چەند ساڵە بەهەڵواسراوی و چارەسەر نەکردنیان،بارودۆخەکە گەیشتە بەرپاکردنی شۆڕش و کەلە کۆتایی دا دەستوری یەکەم دەستوری لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتە بەرهەم.

**داواکاری دووەم**

**هۆکارەکانی دروست بوونی دەستوری فەرەنسی هاوچەرخ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا**

سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم شۆرشە کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتەوە و بەچەندین قۆناغ دا تێپەری و تا سەرکەوتنی, کۆمەڵە فاکتەرێکی گرنك لە پشت سەرهەڵدانیدا بوون لە گرنگترینیان ( اباطة، ١٩٩٨: ٢٥٥).

هۆکاری سیاسی: ئەم هۆکارە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە فەرەنسا لەم کاتەدا وەك زۆرێك لە وڵاتانی تر خاوەن سیستەمی سیاسی (پاشایەتی) بوو کە بنەمای ئەم سیستەمە سیاسیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە (پاشا) سەرچاوەی سەرەکی سەرجەم یاسا و بڕیار و دەسەڵاتەکان بوو لە فەڕەنسا و داڕێژەری سەرجەم بنەما یاساییەکان بوو لە وڵات, کە مەبەستی سەرەکی لێی پارێزگاری کردن بوو لە خۆی و دەوروبەرەکەی لەسەر حیسابی تاك بە تاکی کۆمەڵگای فەڕەنسی, بە پشتیوانی پیاوانی ئاینی (پاشا) وەك تاکە سەرچاوەی (دەسەڵات)و پیرۆزی دادەنرا لە فەرەنسا. (ابو علیه، ٢٠٠٤: ١٣٦).

هۆکاری کۆمەڵایەتی یەکێکی تر بوو لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش و هاتنەدی دەستوری فەرەنسی، کە بنەمایەکی سەرەکی بوو بۆ نادادی کۆمەڵایەتی، وەک لە پێشتر دا ئاماژەمان پێکرد ئەم هۆکارە ببو بە دابەشکردنی کۆمەڵگی فەرەنسی بەسەر چیند جینێکی جیاوازدا.

هۆکاری ئابووری یەکێکی تربوو لە هۆکارەکان, کە بە هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی ئەم شۆرشە دادەنرێت، ئەویش خۆی لە زیادەرۆیی کردن لەبەهەدەردانی پارەی وڵات لەلایەن پاشاو خانەوادەکەی دەبینیەوە(فیشەر، ٢٠٠٩: ١١)، وە بە تاڵکردنی خەزێنەی دەوڵەت و خەرج کردنی پارەیەکی زۆر لە سوپاو بە تایبەتی دوای جەنگی سەربەخۆی ئەمریکا, کە پارەیەکی زۆر وەك هاوکاری سوپای داگیرکەرەکان بە هەدەردرا,کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەردەوام بوو بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت ، هەروەها ئەم هەموو بە زیادەڕەویەی خانەوادەی پاشا لە کۆشك و خۆشگوزەرانەکانیان بەتیایدا بودجەی وولآت بەفیرۆ دەدرا، هەروەها سەپاندنی سیاسەتی زیادکردنی باج بەسەر زەوی و جوتیاران و کەل و پەلەکان و گرانبوونی نرخی کاڵاکان ,هۆکاری گەورەبوون کە گەلی فەڕەنسی ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری هەژاری توند ببنەوە کە بە ڕادەیەك بوو برسیەتی سەرجەم وڵاتی گرتەوە و تا ڕادەی لە ناو چوون، ئەم بارودۆخەش کاتێك بەتەواوی دیارکەوت کە شارەزایانی ئابووری ئەوسای فەڕەنسا شکستیان هێنا لە چاکسازی و ریگرتن لەبەکارهێنانی داهات لە بەرژەوەندی تاکەکەسی، بۆ هاوکاری سەرەکی بێزاری چینی گشتی کە چینی هەژاران بوو بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەوسا بێ گوێدانە ئەو بارودۆخە نا هەموارە بە گاڵتەوە باسی خراپی باری ئابووری وڵاتیان دەکردو بێ ئاگابوون لە بارودۆخی گەلی فەڕەنسی, بەڕادەیەك کاتێك خەڵك خۆپیشاندانیان دەکرد لە بەردەم کۆشکی پاشایی داوای نانیان دەکرد وەك گوزارشتێك بۆ نەبوونی و برسیەتی و هەژاری,کەچی (شاژن ماری ئەنتوانێت ) لە وەڵامدا پێیان دەڵێت با (بسکیت) بخۆن! ئەمە هۆکاری سەرەکی بێ ئاگایی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی ئەوسا دەردەخات لە ژیانی خەڵك و وێناکردن و دونیا بینیان بۆ ژیان لە دوو ڕوانگەی جیاوە کە وای کرد گەلی فەڕەنسی چیتر قبوڵی ئەم زوڵم و ستەمە نەکات (حاطوم، ١٩٨٥: ٣٠٠).

وە لەگرنگترین هۆکارو سەرچاوەی سەرەکی درووستبوون و سەرهەڵدانی شۆرشی فەڕەنسی بریتی بوو لەهۆکاری ڕۆشنبیری, کەخۆی لە بوونی چەندین بیرمەندو یاساناس و خەڵکی ڕۆشنبیردا دەبینێتەوە, کە لە ڕاستیدا وەك هۆکاری سەرەکی هۆشیاری گەلی فەڕەنسی و کۆتاپێنان بە سیستەمی نادادی سەیر دەکرێت، هەروەها بوونی چەندین بزووتنەوەی فکری و جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و چەندین ڕوناکبیر و بیرمەند کەبەنووسینەکانیان بەردەوام داکۆکیان لە مافەکانی گەل و خستنەڕووی ئازادییەکانی تاك و کۆتاپێنان بەستەم دەکردەوە، کاریگەری سەرەکی هەبوو لە سەر سەرهەڵدانی شۆڕش لە فەڕەنسا و ورياکردنەوەی خەڵك و دانانی ڕێنوێنی بۆ تاك، لەگرینگترین ئەو کەسایەتیانەش کەکاریگەری گەورەیان هەبوو لەئاراستەکردنی خەڵك و گەلی فەڕەنسی بۆ شۆرش بریتی بوون لە (مونتسکییە و فۆلتێروجان جاك ڕۆسۆ) کە هۆکاری سەرەکی بوون لە دوای شۆرش گرنگی بەخوێندنی بەزۆری سەرەتایی و بە خۆڕایی و تەنانەت دروستبوونی زانکۆکان و گرنگیدان بە خوێندنی مێژوو زمانەکان شوێنەوارو بەرەوپێشچوونی خوێندنی فکری بدرێت (عوض، ٢٠١٥، ٦٨).

ڕاستە سەرجەم هۆکارەکان هەریەکەیان بەپێی بەهێزی و لاوازی خۆیان کاریگەریان بە سەرئەم ڕووداوە گەورەیە هەبووە، بەڵام هۆکاری ڕۆشنبیری و ئەم نووسینە زۆر و دەگمەنانەی ئەم هەموو بیرمەندە گەورەیە کاریگەری یەکجار زۆری هەبووە لەسەر ئاراستەکردنی گەلی فەڕەنسی و دروستکردنی ئارەزووی شۆڕش لایان، بەرامبەر بەدەستهێنانی مافەکانیان و ئەو نووسینە زۆرانەی لەسەر ئازادی و یەکسان و یاسای دادگەرایی کە هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی بوون لەسەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی و تەنانەت بەشداری خۆشیان لە شۆڕشەکەدا ئەوەندەی تر

هێزی زیاتر بە شۆڕشەکە بەخشی.

بۆنمونە (فۆلتێر) لە نووسینەکانی بە ناوی (کاندید) کە ئاماژەی زۆر گەورەو گرنگی تێدا بوو لەسەر باش بیرکردنەوەو هەوڵدان و بەشداری نوخبەی رۆشنبیر لە دەسەلآت و بە دیهێنانی لێبوردەیی ئایینی، هەروەها فەیلەسوفی بەناوبانگ (جان جاك رۆسۆ) لە نووسینەکانی لەسەر شۆڕشی فەرەنسی بەتایبەتی کەلەکێشەکەی بە ناوی (ئازادی مرۆڤ و یەکسانی و دەسەلآتی گەل) بە روونی باسی کلتووری سیاسی و کۆمەلآیەتی ئەو کاتی کۆمەڵگای فەرەنسی کردەوە لەسەدەی هەژدەهەم لە هەمان کات بانگەشەی گۆڕان بۆ رادیکاڵی سیاسی ودەوڵەتی کۆماری کردووە (عتیق، ٢٠١٢: ١٠٤).

هەموو ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە بڵاو بوونەوەی ئەم بیرو باوەڕە نوێیانە هۆکاری سەرەکی شۆڕشەکە بوون، هەموو ئەم هۆکارانە و چەمکە نوێیەکان و نوسینی بابەتیانەی روناکبیران وایکرد شۆڕشی فەرەنسی هەر لە سەرەتای دروستبونی رووبەرووی چەندین هەوڵی درانداە بنێتەوە کە مەبەست لێی لە ناوبردن و دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بوو، بەڵام بەهۆی بەهێزی ئیرادەی گەل و سەرانی شۆڕشەکە، نەك نەتوانرا لەناو ببرێت ، بەڵکو توانرا لە ماوەیەکی کەم سەرجەم ناوچەکان بگرێتەوەو زیندانی (باستیل) کە یەکێك بوو لەو زیندانیانەی چالاکوانانی شۆڕشیان تێدا بەندکرابوو بشکێنن و زیندانیان ئازاد بکەن و داوای بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن و دواتر لە کۆتایی هەمان ساڵدا کۆنگرەی کۆمەڵەی گشتی شۆڕش ببەستن و ڕێپێوانی ژنان بۆ کۆشکی ڤێرسای ڕێك بخەن و ڕێکخستنی دابەشکاری زەوی هەڵوەشێنەوە و داوای یەکسانی و ئازادی مافەکان بکەن و لە کۆتاییشدا کۆتاییان بە سیستەمی پاشایەتی هێنا لە فەرەنسا و سیستەمی کۆماریان دامەزراند .(عتیق، ٢٠١٢: ١٠٤).

یەکێك لە گرنگترین داواکاریەکانی شۆڕشگێران داواکردنی ئازادی مرۆڤ و هێنانەدی یەکسانی، لەماف بوون کە سەرجەم ئەو داواکاریانە خۆی لە ڕێکخستنی ئەرك و مافەکان دەبینێتەوە کە لەلایەن ڕوناکبیران و بۆ یەکەم جار وشەی (دەستور)دێتە ناو شانۆی سیاسیەوە کە ئەوان بە بنەمای یاساکان ناویان بردووە(حاطوم، ١٩٨٥: ٣٠٦).

ڕوناکبیرانی ئەوسای فەرەنسا پێیان وابوو چەمکی دەستوور وەك بنەماو کۆکەرەوەی یاساکانە بۆ کۆمەڵگاو بە بەدیهێنەری ئازادییەکان ناویان دەبرد، ئەمە وایکرد بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا دەستورێك لە دایك بێت لە فەرەنسا لە ژێر فشاری ڕوناکبیران و بیرمەندان کە تا ئێستاش وەك سەرچاوەی چەندین بنەمای یاسایی بۆ دەستووری زۆرێك لە وڵاتان سەیر دەکرێت.

تەوەری **دووەم**

**کاریگەری دەستوری فەرەنسی لەسەر دەستوری وولآتان و پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان**

دوای ئەوەی لە تەوەری یەکەم دا باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی و لەدایک بوونی یەکەم دەستوری مرۆڤایەتیمان کرد لەم وڵاتەدا، لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر ئەو بەندە گرنگانەی کە لەم دەستورەدا جێگیرکران و بوون بە سەرچاوەیەک بۆ دەستوری زۆرێک لە وڵاتان، بۆ ئەم مەبەستە ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بەسەر دوو داواکاری، لە داواکاری یەکەم دا باس لە گرنگترین بەندەکانی دەستوری فەرەنسی و گواستنەوەیان بۆ وڵاتان دەکەین و لە داواکاری دووەم دا باس لە کاریگەری ئەم دەستورە دەکەین بەسەر پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان.

**داواکاری یەکەم**

**بەندە گرنگەکانی دەستوری فەرەنسی و گواستنەوەی بۆ وڵاتانی تر**

دەستوور بە بەهێزترین بەڵگەنامەی فەرمی دادەنرێت کە چەندین بنەما لە خۆدەگرێت و بە بنچینەی سەرجەم یاساکان دادەنرێت لە هەر وڵاتێکدا، مەبەست لێی و ڕێکخستنی ماف و کارو دیاری کردنی دەسەلآتەکانە لە هەر کۆمەڵگایەك، بۆیە سەختە بێ بوونی دەستور بتوانرێ بنەما یاساییەکان وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەم تێڕوانینەی بیرمەندان و یاسا ناسانی ئەوسای فەرەنسا وایکرد دوای شۆڕش لەساڵی ١٧٩١ یەکەم دەستوور لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا بنوسرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، ئەم دەستورە ئەگەرچی تەواوی داواکاری گەل و بنەمای شۆڕش تیایدا نەچەسپا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆری داخوازی گەلی تێدا بەرجەستەکرا، دوای ئەوەی لەلایەن کۆمەڵەی دامەزراندنەوە (الجمعیة التأسیسیة) دەنگی لەسەردرا چوە بواری جێبەجێکردنەوە، لە گرنگترین بنەماکانی ئەم دەستورە بریتی بوو لە (وڵاتی فەرەنسا دەوڵەتێکی پاشایی پشتاو پشتە) کە ئەو بەندە لە ئاست داخوازی خەڵکدا نەبوو،بەڵام بۆ یەکەمجار بوو دەسەلآتەکانی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری لە یەکتر جیاکرانەوە، لە بەشی جیاکردنەوەی دەسەلآتەکاندا بە تەواوەتی دیارە (نوار، نەعنەعی، ٢٠٠٩: ٥٥،٥٦).

لەم دەستورەدا دەسەلآتی یەکەم کە دەسەلآتی یاسادانان بوو، بریتی بوو لە ئەنجومەنێك کە گەل دوو ساڵ جارێك هەڵیدەبژێرێت و ئەو کەسە مافی دەنگدان و خۆ کاندید کردنی هەبوو کە باج بە ڕاستەوخۆ بدات، بەڵام دەسەلآتی جێبەجێ کردن پێك دەهات لە پاشا و وەزیرەکان، کە لەلایەن پاشاو بە رەزامەندی ئەنجومەن هەڵدەبژێران و ئەرکیان جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی یاسادانان بوو.

هەروەها پاڵپشت بە دەستور ئەنجوومەنی یاسادانان لە کاتی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکاندا بۆیان هەبوو متمانە لە حکومەت و وەزیرەکان بسەننەوە کە دانرابوون، هەروەک فەرەنسا بە پێی ئەم دەستورە دابەشکرابوو بەسەر (٨٣) یەکەی کارگێری، هەریەکەیەکی کارگێری بەرێوەبەرو فەرمانبەری لە ناوچەکەی بۆ دادەنرا بەهەڵبژاردن بە مەبەستی ئاسانکاری لە ئیش و کارەکاندا.

ئەم دەستورە زۆر بەرروونی ئازادی مرۆڤ و یەکسانی لە کارو ئازادی و بیرو باوەڕی ئایینی تێدا چەسپێنرا بوو، کە مرۆڤ ئازادەو بنەمای سەرەکیە بۆ هەڵبژاردنی بیروباوەڕەکان. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم دەستورە وەڵامدانەوەی تەواوەتی کۆمەڵگای فەرەنسی نەبوو، هەرزوو هەڵپەسێردرا، بەهۆی ئەوەی جیاوازی کردبوو لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاران لە خاوەنداریەتی زەوی و پێدانی باج و خۆ کاندیدکردن بۆ نوێنەرایەتیەکان، ئەمەش وایکرد ئەمەش وای ئەوەبو کە ئەم دەستورە لە خزمەت چینی بورجوازی دابوو نەوەك چینی گشتی و هەژاران، ئەمە جگە لەوەی سیستەمی پاشایەتی هەروەك سیستەمی دەسەلآتداری مابۆوەو تەنانەت لە جیاکاری دەسەلآتەکانیش پاشا کۆمەڵێك دەسەلآتی بۆ مابووەوە، لە دوای هەڵپەساردنی ئەم دەستورە پاشا هەوڵیدا ڕابکات، بەڵام ڕێگەی لێ گیراو دواتر کۆتایی بە ژیانی خۆی و خێزانی هێنا، لەدوای ئەمە سەردەمێکی نوێ لە دەسەلآت و یاسادانان لە فەرەنسا هاتە ئاراوە، ئەمەش خۆی لە دانانی دەستورێکی نوێدا بینیەوە وەك پێی دەوترێ دەستوری هاوچەرخ لە ساڵی ١٧٨٣، لەم دەستورەدا کۆتایی بە دەسەلآتی پاشایەتی هێنراو فەرەنسای کۆماری چەسپێنرا (برۆن، ٢٠٠٩: ٤١٨)، هەر لەم دەستورەدا مافی کاندیدبوون و هەڵبژاردن بۆ سەرجەم تاکەکان بوو بێ جیاوازی و

ئەنجومەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەبژێرێت لە نێوان ئەندامەکانی و لەکاتی بڕیارە گرنگەکان دەگەڕێتەوە بۆ رای گەل وەك ڕاگەیاندنی جەنگ، هەروەک بنەماکانی (جان جاك ڕۆسۆ) لە مافی کارکردن بۆ سەرجەم تاکەکان پابەندبوونی دەولەت بۆ یارمەتی دانی هەژاران (بەهۆی کۆمەڵایەتی) چەسپێنرا (Der، 140،1998 )

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دەستورە تەنیا لەسەر کاغەز مایەوەو کاری پێنەکرا، بە بیانووی بوونی مەترسی دەرەکی لەسەر وڵات، ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی فەڕەنسا بەسەرکردایەتی (ڕۆبسبێر)سەردەمی تیرۆریان لە فەرەنسا جێبەجێکرد کە بە تاریکترین و ناخۆشترین سەردەم دادەنرێ لە مێژووی فەڕەنسا). Allez، 2001، 75).

ئەم دوو دەستورە بوونە بنەمای لە دایك بوونی دەستوری ساڵی ١٧٩٥ لە فەڕەنسا، کە بە دایکی دەستوری وڵاتان دادەنرێت، کە بەشی زۆری داواکاری و بنەماکانی شۆڕشی فەڕەنسی بەدیهێنا و لە بریتی بوون لە ئازادی و یەکسانی مافی مرۆڤ.

گرنگترین بەندەکانی ئەم دەستورە : ( McPhee، 1987، 89)

- فەرەنسا وڵاتێکی کۆمارییە.
- ئازادی و یەکسانی لە نێوان تاکەکان.
- مافی مرۆڤ لەسەروی هەموو شتێکەوەیە کەبە سەرەکیترین بنەماکانی شۆڕشی فەڕەنسی دادەنرێت.
- ئازادی ئابووری و بیرو باوەری سیاسی و ئاینی.
- مافی کاندید بوون و دەنگ دان.( Kropothin، 1967، 298)، (Richards، 2016، 32)
- پەرلەمان لە دوو ئەنجوومەن پێك دێت.،یەکەمیان ئەنجومەنی (٥٠٠) کەسی کە نابێت ئەندامەکانی تەمەنیان لە (٣٠) ساڵ کەمتر بێت.

دووەمیان: ئەنجومەنی پیران نابێت تەمەنی ئەندامەکانیان لە (٤٠) ساڵ کەمتر بێت.

دەسەڵاتی جێ بە جێ کردن لەو کەسانە پێك دێت کە لەلایەن ئەجوومەنی (٥٠٠) کەسی هەڵدەبژێردرێت و دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانەوە پەسەند دەکرێت،کە لە (٥٠) کەس پێك دێت و مافی هەڵبژاردنی وەزیرو بەرێوەبەری یەکە کارگێڕیەکانیان هەیە و پارێزەری ئاسایشی ناوەخۆو دەرەوە دەبن و یاساکان جێ بە جێ دەکەن، هەموو ئەم بنەما یاسایانەو دەستوریانە تا ئێستاش کاری لە سەردەکرێت و وڵاتان بە شوێن جێ بە جێ کردنیان دان و دەیکەنە بنەمای چەسپاندنی دەستورەکانیان( STEPI، 1955، (Lahbib،68 ) ، 2005، 104)

دوای چەسپاندنی دەستوری فەرەنسا لە ساڵی ١٧٩٥ ئەم دەستورەو بنەماکانی لە( یەکسانی ماف و ئازادییەکان و مافی تاك )بە زوویی گواسترایەوە بۆ بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەوروپا و هەرزوو هەوڵی گواستنەوەی بنەماکانی شۆڕش و دەستورەکەیاندا، لە گرنگترین ئەو وڵاتانەش هەرزوو کەوتە ژێر کاریگەری ئەم بنەمایانە (ئینگلترا)بوو کە لە ساڵی ١٨١٥ بۆ یەکەم جار (شەش یاسا)ی دانا کە بە یاسای (ئازادی) دەناسرێت و پەرلەمانیان بە شێوەیەك دارشتووە کە هاوشێوەی ئەوە بێت کە لە دەستوری فەڕەنسیدا هاتووە ،دوای ئەو خەڵکی بروسیای ئەوکات داوای جێبەجێکردنی ئەو بەندانەیان لە وڵاتەکەیان دەکرد، بە تایبەتی ئەڵمانەکان کە زۆر ستەمیان لێ دەکراو لە هەوڵی گواستنەوەی ئەو بنەمایانە بوون، بەڵام تا شۆڕشەکانی ١٨٤٨ لە ئەوروپا نەتوانرا وەك پێویست ئەو بنەمایانە پەیرەوبکرێت، بەڵام لەگەڵ شۆڕشەکانی ١٨٤٨ کە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپایان گرتەوە، ئەم بنەمایانە بوونە داخوازی سەرجەم دانیشتوانی ئەم وڵاتانە ،بەڵام بەشی زۆری دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە بەندەکانی تایبەت بە ئازادی ڕەهاو مافی تەواوەتیان تا ساڵانی دواتر نەخستە ناو دەستوری وڵاتەکانیان، بە بیانووی ئەوەی ئەو بنەمایانە لەداهاتوودا دەبێتە هۆکاری سەرەکی بێ هێزبونیان و وەك چەکێك و دەتوانرێ لە دژی دەسەڵاتەکانیان بەکاربهێنرێت (عتیق، ٢٠١٢: ١٠٨،١٠٧).

## داواکاری دووەم

## بنەماو چەمکە و بنەڕەتیەکانی دەستوری هاوچەرخی فەرەنسی و کاریگەریان لەسەر پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان

لە ڕاستیدا دەستوری فەرەنسی زادەی شۆڕشی فەرەنسی بوو کە بنەماکانی ئەم شۆڕشە بریتی بوو لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و سەروەری یاساو وەستانەوە دژی ڕەگەز پەرستی بەسەرجەم جۆرەکانیەوە، هەر لەبەر ئەمەش دوای چەسپاندنی ئەم بنەمایانە دەبینین ئەم چەمکانە بوونە بنەمای زۆربەی دەستورە دیموکراتیەکانی وڵاتان پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانیشەوە کە لە ساڵی (٢٠٠٩) تەواو کراو دوای پەسەندکردنی لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك یەکەم پرۆژە دەستوری هەرێم ناسێنرا، هەرچەندە ئەم پرۆژە دەستورەش گەڕێنرایەوەو دواتر لیژنەیەکی تایبەتمەند راسپێردرا بۆ دووبارە داڕشتنەوەی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان.

لە ماددەی (٣) ئەم پرۆژەیەدا سوود لە ماددەی (٣) لە دەستوری فەرەنسی وەرگیراوە کە (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە) ئەمە بنەمای سەرەکی شۆڕشی فەرەنسی و خودی دەستوری فەرەنسیشە. ئەمە واتای ئەوەیە کە گەل سەرچاوەی بڕیاری سیاسی و ئاراستەکردنی سیاسەتی وڵات و بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسی وڵات (پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە ( Constitution Francaise,1795,3).

سەرجەم بەندەکانی دەروازەی (١٧)ی دەستوری فەرەنسی لە پرۆژەی پێشووی دەستوری هەرێمی کوردستان لە ماددەی (١٩) چەسپێنراوە، کە پەیوەندی بە ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ هەیە کە وەك لە دەستوری فەرەنسی نوسراوە ((مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی)) دەرچووە لە ٢٦_٨_١٧٩٥. (پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە) (Constitution française,1795,17).

هەروەها دەروازەی (١٨) لە دەستوری فەرەنسی بە هەمان شێوە لە ماددەی (١٨) لە پرۆژە دەستوری ڕابردووی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی چەسپێنراوە تایبەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن کە ئەمەش بنەمای سەرەکی شۆڕشە فەرەنسی بوو.

هەروەها دەروازی (١١) لە دەستوری فەرەنسی لەماددەی (٢٣) پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان دیاریکراوە کە باس لە ((مافە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان))

لەوەی رابردوودا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم دەستورە کاریگەری زۆری هەبووەە بەسەر دەستووری وڵاتان بە گشتی و پرۆژە دەستوری پێشووی هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبووە لەم کاریگەریە، بەڵام لە بابەتی بەستنی پەیماننامەی

نێودەوڵەتی جیاوازی گەورە لە نێوان ئەم دوو دەستورە هەیە ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقەو ئەم مافە تایبەتە بە دەوڵەتی عێراق.

ئەگەرچی لە چەندین بڕگەی تریش سوود لە دەستوری فەرەنسی بینراوە بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین بەهۆی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستانەوە چەندین جیاوازی بنەڕەتیش هەیە لە نێوان دەستوری فەرەنسی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان، هەر لە سیستەمی وڵات و ئەنجومەنی دەستوری و سزادانەکان.

کۆتایی ودەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرەنجامێک و هەروەها چەند پێشنیارێک کە بە پێویستی دەزانین دەخینە ڕوو:

**یەکەم: دەرەنجامەکان**

١) دەستور بەیەکێك لەگرنگترین بەڵگەنامە فەرمیەکان دادەنرێت وەك پێویستیەکی هەمیشەیی بۆ هەر وڵاتێك و هەر کۆمەڵگایەك، تا لە ڕێگەیەوە سەرلەبەری ماف و ئازادیەکان و ئەرکەکان دیاریبکرێت ، بوونی دەستوور لەهەر کۆمەڵگایەك دەرکەوتەی رووئیاو ئایدیای دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە نیشان دەدات.

٢) شۆڕشی فەرەنسی و چەمکە یاسایی و دەستوریەکانی، بنچینەی هێنانەدی چەندین چەمك و گوزارشتی نوێ بوو لەمێژوو دا، کە تا ئێستاش تاکەکان دەجەنگن لەپێناو بەدیهێنانیان، کە گرنگتینیان بریتین لە(ئازادی، یەکسانی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی)، بۆیە دەکرێت بڵێین کاریگەری ئەو شۆڕشەو بنەماکانی دروستبونی تائێستاش کاریگەری بەسەر تاك بەتاکی مرۆڤەکانەوە ماوەتەوە، تائێستاش لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەك بەشێوازێك داوادەکرێت و بۆتە پێویستیەکی جیهانی ، لەم پێناوەشدا چەندین ڕێکخراو کۆمەڵە دروستبوون لەژێر ناوی ئەم بنەمایانە خەبات دەکەن، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کەشۆڕشی فەرەنسی بەسەرجەم چەمکەکانیەوە لەپێناو مرۆڤایەتی بوون و تا ئێستاش ماونەتەوە.

٣) ناکرێت بوترێت وڵات بێ دەستور نابێت و بەڕێوەناچێت بەڵام ئەمە ڕاستیەکی تەواوە گەر بڵێین لەنەبوونی دەستور وڵات لەجۆرێك لەفەوزای سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی و یاساییدا دەبێت کەدواجار لەبەرژەوەندی خەڵك و وڵاتەکە دا نابێت، ، واتە دەستور پێویستیەکی حەتمیە بۆ وڵات و داڕشتنی دەستور بەشێوازێکی زانستی خزمەت بەوڵات و کۆمەڵگا دەکات و دووری دەخاتەوە لەتاکڕەوی.

٤) چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی مرۆڤ گەرایی لەدەستوردا زامنی ئەوە دەبێت کەتاکەکان مافیان پارێزراو بێت و دوورین لەستەم، بۆیە پێویستە دەستوری کوردستان لەئاست ئەم چەمك و بنەمایانە بێت و زامنی جێبەجێ کردنی بکرێت لەدەستوردا.

دووەم: پێشنیارەکان

پێویستە لە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بە ووردی خوێندنەوە بۆ بنەما گرنگەکانی دەستوری فەرەنسی بکرێت و بیکات بە بنچینەو بناغەی بەتایبەت پرنسیپەکانی وەک( مافی مرۆڤ،دادپەروەری کۆمەڵایەتی،گەڵ سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، ئازادی تاک) هەروەها سوود لە بنەماکانی وەک ئەنجوومەنی دەستوری و یاساکانی تایبەت بە سزادان و مافە تاکە کەسیەکان ببینرێت تا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و یاسایی بنیادبنرێت و هەموو تاکێك و هاونیشتمانیەك بە شکۆمەندی لەم نیشتمانەدا بژیت.

هاوشێوەی دەستوری فەرەنسی،کە یاساناسان و بیرمەندان رۆڵی کاریگەریان بینی لە دانانی بناغەو پرەنسیپەکانی، پێویستە بە هەمان شێوە لیژنەی داڕشتنەوەی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستانیش رۆڵی ئەمانە لەبەرچاو بگرێت و پێشنیارو راسپاردەکانیان بەهەند وەرگرێت لە داڕشتنەوەی پرۆژە دەستوری داهاتووی هەرێمی کوردستان، چونکە بێگومان بوونی دەستورێکی بێکەموکوڕی زامنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕێگر دەبێت لە بەریەککەوتنی دەسەڵاتەکان و ئەو کێشانەی کە بەهۆی دەستورەوە سەرهەڵدەدەن.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

پ.د. جڤری برۆن: پوختەی مێژووی ئەوروپا، و. نهاد جلال، ناوەندی رۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٩.

د. عبدالعزیز سلیمان نوار، د. عبدالمجید نەعنەعی: مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا لە شۆڕشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی، و. خالد هەرکی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.

هـ.ا.ل. فیشەر: مێژووی نوێی ئەوروپا ١٧٨٩-١٩٥٠، و. شوکر سلیمان، سەروین ئەرجان، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩.

**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

حسان عمران: الثورة الفرنسیة الاولی ١٧٨٩-١٧٩٩، دار القاهرة، ٢٠١٦.

عبدالحمید البطریق وعبدالعزیز النوار، تاریخ اوروبي الحدیث من العصر النهضة الی اواخر القرن الثامنة عشر، دار الفكر العربي، القاهرة، 1997.

عبدالفتاح حسن ابو علیا واسماعیل احمد یاخي، تاریخ اوروبا الحدیث والمعاصر، الطبعة الثالثة، دار المریخ، الریاض، 2004.

غوستاف لوبون: روح الثورات الثورة الفرنسیة، م. عادل زعیتر، مؤسسة هنداوی، القاهرة، ٢٠١٢.

فاروق عثمان اباظة، دراسات في تاریخ اوروبا الحدیث والمعاصر، دار المعرفة الجامعیة، اسكندریة، 1998.

لویس عوض: الثورة الفرنسیة، دار الحیاة، بیروت، طبعة الثالثة، ٢٠١٥.

نورالدین حاطون، تاریخ عصر النهضة الاوروبیة، دار الفكر، سوریا، 1985.

وجیه عبد الصادق عتیق: تاریخ اوربا الحدیث و المعاصر، دار الثقافة العربیة، القاهرة، ٢٠١٢.

**سێیەم: سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی**

Denis Richards: An Illustrated history of modern europe1789-1939 ،pt& c. ltd ،2016.

Peter McPhee: The French Revolution 1789–1799 ،OXFORD ، 1987.

Pëtr Kropotkin: The Great French Revolution 1789–1793 ، Paris ،1967 .

**چوارەم: سەرچاوەکان بەزمانی فەرەنسی**

Allez: LA RÉVOLUTION FRANÇAISE ،O.X AICEL ،2001.

Cam Der: Les causes de la révolution de 1789 ،Paris ،1998.

JAMES STEPI-IEN ،K.G.B. ،LL.D: LECTURES ON THE HISTORY OF PRANCE ،NEWYORK: HARPER & BROTHERS ،PUBLISHERS ،FRANKLIN SQUARE ، 1955 .

John Ray: La Révolution française de 1789 marque le début de quelle période historique ،Louvre ،2001.

M.Azizi Mohamed Lahbib: istoire de France L'Histoire de France de la Gaule à la cinquième République ، INSTITUT SUPERIEUR DE L'EDUCATION ،ET DE LA FORMATION CONTINUE ،Département de Français ،2005.

**پێنجەم: بەڵگەنامە فەرمیەکان**

پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانەوە.

.1795 ،Constitution française